


# کەرکـــــــــووک

## (هۆنراوەی شالاو)

ئەگەر گیانم
لە ڕۆژانی سەختی ئەنفاڵ
نەبەخشی بە
کۆرپەیەکی زیندە بە چاڵ
ئەگەر دڵم
بۆ زامی قووڵی هەڵەبجە
نەتوایەوەو نەبوو بە ئاو
بۆ پەیکەری عومەر خاوەر
نەبووم بە یەک تیشکی هەتاو

ئەگەر سەرم
لە ڕۆژانی پێشمەرگەدا
نەکرد بە قوربانی چیا
نەبووم بە هەڵۆی بەرزە فڕ
لەئاسمانی هەموو دونیا

ئەگەر خوێنم
نەکرد بە خەنە بۆ پەنجەی
دەزگیرانم کاتێ کە ئەو تازە بووکە
ئەوە خوێنم ... ئەوە سەرم
ئەوە گیانم ... ئەوەش دڵـــــــم

بەقوربانی بابە گوڕگوڕو کەرکـــــــــووکە .

Shallaw1@hotmail.com shallaw1@yahoo.se